# هەتاوەجاڕ

خوێندنەوەی کوردیی
بۆ منداڵی کورد لە هەندەران

**هۆنراوە، رایم، چیرۆک، بابەتی گشتی**
**بەرگی یەکەم**

نووسینی
**د. کەمال میراودەلی**

**کەمال میراودەلی**
**هەتاوە جار**
**بەرگی یەکەم**
**چاپی یەکەم**
**هێڵکاری و دیزاین: سەرکەوت مەحمود**

**بڵاوکردنەوەی**
kurdacademia
London 2005

هەموو مافێک پارێزراوە. جگە لە خوێندنی قوتابخانەکان، هەموو جۆرە وەرگێڕان
یان لێوەرگرتن و بەکارهێنانێکی دیکەی ئەم تێکستانە، بەبێ رەزامەندی پێشوەختی
نووسەر لێپرسینەوەی یاسایی بەدواوەیە

پێشکەشە بە

گیانی پاکی سوبە خان.

# وتەیەک

ئەم دەقانەم بە بەرنامە نەنووسیون. ئەو کاتەی کە بەڕێوەبەری بنکەی ڕۆشنبیریی کوردیی بووم، سوبەخانیش لەوێ کارمەند بوو. بە دڵ و کوڵ خەریکی سەرخستن و پێشخستنی قوتابخانەی هەڵەبجە بوو کە شەممان، بۆ فێرکردنی زمانی کوردی بە مندالانی کورد، کراوە بوو.

ناو بە ناو سوبەخان دەهاتە لام دەیگوت بابەتی کوردییان نییە بۆ منداڵەکان و یەخەی دەگرتم شتێکیان بۆ بنووسم. منیش یەکسەر یا دواتر بابەتێکی کورتم بۆ دەنووسی، تا نزیکەی نیمچە کتێبێکی لێ هات. دواییش برای هەرە ئازیزم کاک ڕێبوار سەعیدی هونەرمەند نیگاری تایبەتی بۆ زۆربەی بابەتەکان دروستکردن. چیرۆکی "پیرێژن و کوولەکە" وەک بەرهەمێکی هونەریی نایاب بە وێنەی ڕەنگییەوە لە لایەن دەزگای پەروەردەی شارەوانی تاوەر هاملێتس لە ١٩٩٧ دا ، وەک بەشێک لە پرۆژەیەکی زمانانی بێگانە، چاپ بوو. چیرۆکێکی تر بۆ منالان بە ناوی "کەڵەشێر و قۆپچەی مرواری" – کە لەم بەرگەدا نییە، بە وێنە نایابەکانی کاک ڕێبوارەوە، لە سوێد چاپ بوو. بەلام هەموو بابەتەکانی دی تەنیا بە شێوەی فۆتۆکۆپی بەکار دەهێنران و بەهۆی کارەساتە سیاسییەکانی کوردستان و کاروئەرکی تر ئاگام لێیان نەما. تا لەم دواییەدا کۆمپیوتەرە کۆنەکەم کەوتەوە کار و تێکستەکانم دۆزینەوە. بەلام بەداخەوە وێنە نایابەکانی کاک ڕێبوار نەماون. لە ترسی ئەوەی نەوەکا جارێکی تریشء ئەم بەرهەمانە سەریان تێدا بچێت، ئەوا بەم شێوە ناتەواوە ، بە بێ وێنەو ڕەنگ، پەخشیان دەکەم. هەر لەو کاتیشدا بەڵێن دەدەم ئەمە تەنیا سەرەتایەک دەبێ بۆ پرۆژەیەکی بەردەوام بۆ نووسین و ئامادەکردن و گۆڕینی بابەتی تایبەتی بۆ منالانی کورد، لە ناوەوەو لە دەرەوە. بۆیە پێی وتراوە

"بەرگی یەکەم". بەم زووانە چاوەڕێی بەرگی دووەمیش بن.

دیارە وەک تێکستی خوێندن کاری زۆر زیاتریان گەرەکە وەک لێکدانەوەی وشەو بابەتی ڕستەسازیی و ڕێزمان و پرسیارکردن سەبارەت بە ناوەڕۆک و مەبەست و داڕشتنەکان. وەلی ئەمەش بۆ دەرفەتێکی دی جێدێڵم. لەم کارەدا تەنیا وشەگەلی (گلۆسەری)
چەند بابەتێک و وەرگێرانەکەیان بە ئینگلیزی زیاد دەکەم تا زیاتر ببیتە هاندەری مندالان بۆ فێربوونی زمانە شیرینەکەمان.
بە بێ دڵسۆزیی و دۆستایەتی خوشک و هاوڕێی شەهیدم سوبەخان ئەم بەرهەمە نەدەبوو.
بۆیە پێشکەشی گیانی پاکی ئەوی دەکەم.

**کەمال میراودەلی**
**لەندەن**
نیسانی ٢٠٠٥

# ناوەرۆک


گۆرانی هەڵپەڕکێ ل٧
شەوباش بەبەکە! ل٩
پەڵە ل١١
سوپاس بۆ مۆسیقا ل١٣
دەریای دەنگ ل١٤
وەرزەکان ل١٦
دیلانێ ل١٧
کۆنە سەعات ل١٨
هۆ هۆ، تەرزە هۆ! ل١٩
رۆژی لەدایکبوونی مامۆستا ل٢١
ماڵ ل٢٥
نزای بەرە بەیان ل٢٦
ئاگر ل٢٧
هەڵم ل٣١
رایم بۆ منداڵان ل ٣٣
جووك جووك چۆلەکە ل٣٨
کوندە بەبوو - و پشیلە! ل٣٩
پیرێژن و کوولەکە ل٤١
نامەیەك بۆ دایك و باوکم ل٥٠

# گۆرانی هەڵپەڕکێ

بەهارە، وەرن با، سەما کەین، با سەما،
نەورۆزە، شارۆژە، تەم نەما، خەم نەما،

کوڕینە، کچینە، دەست بگرن، یەك و دوو
بەتاك تاك، بە کۆمەڵ، هەڵپەڕین، با هەموو

با بەڕیز، دروست کەین، جوغزی وەك، ئەڵقەی گوڵ
بۆ هوزار، بۆ بەهار، دەربڕین، سۆزی دڵ

بۆ شادیی، ئازادیی، ئاوازی نۆ، بچڕین
بۆ ئەوین، ئاشتیی ژین، وەك یەك لەش، یەك بگرین.

بەهارە، وەرن با، سەما کەین، با سەما
نەورۆزە، شارۆژە، تەم نەما، خەم نەما.



## Translation

# A dance song

It is spring. Come on, let us dance. Let us dance. It is the new day of Newroz, the king of days. Mist has disappeared. Sorrowshave stopped to exist. Boys and girls, hold hands as singles and pairs. Solo or as a group, let us all dance. Let us make, in rows, a circle like a flower ring. Let us express to spring and nightingale the passion of heart. Let us, for happiness and freedom, sing new melodies. Let us, for love and life's peace, unite like one single body. It is spring. Come on, let us dance. Let us dance. It is the new day of Newroz, the king of days. Mist has disappeared. Sorrows have stopped to exist.

### Glossary

| | |
|---|---|
| spring | بەهار |
| Come | وەرن |
| dance | سەما |
| Let us dance | با سەما کەین |
| newday (Kurdish new year) | نەورۆز |
| (Lit. King day), ie, cardinal day | شارۆژ |
| mist | تەم |
| disappeared, stopped to exist | نەما |
| Boys and girls | کورینە ، کچینە |
| hold hands | دەست بگرن |
| one and two | یەک و دوو |
| individually | بە تاک تاک |
| as a group | بە کۆمەڵ |
| Let us dance, all of us | هەڵپەڕین، با هەموو |
| in rows | بە ڕیز |
| let us make | دروست کەین |
| circle | جوغز |
| ring | ئەڵقە |
| flower | گوڵ |
| nightingale | هوزار |
| express | دەربڕین |
| passion | سۆز |
| for | بۆ |
| happiness | شادیی |
| freedom | ئازادیی |
| melody | ئاواز |
| new | نۆ |
| sing | بچڕین |
| love | ئەوین |
| peace | ئاشتیی |
| life | ژین |
| just as one body | وەک یەک لەش |
| unite | یەک بگرین |

# شەوباش بەبەکە!

شەو باش بەبەکە
کاتی خەوە...
خەونی خۆش خۆش چاوەڕێتە
فریشتەی ئاشتیی لەسەر سەرتە
فریشتەی شادیی لەبەر پێتە
ماچی دایە دات دەپۆشێ
خودا بۆ خۆی چاوی لێتە

شەوباش بەبەکە
کاتی خەوە!
فریشتەی خەندەت لەسەر لێوە
چاوت فرمێسکی خوای پێوە
بنوو، بنوو، چاو مەکەوە!

دایە ، دایە
بە لاّیلاّیە
تا دەخەوی رات دەژەنێ
دەتداتە دەست فریشتەکان
بەجێت ناهێڵن بە تەنێ
سبەی لەگەڵ گەشیی بەیان
دەمت پڕ لە خەندەی جوان
بۆ دایە گیان پێدەکەنێ



شەوباش بەبەکە
کاتی خەوە
بنوو، بنوو،

**Translation**

Good night, baby! It is time to sleep. Happy dreams are waiting for you. The angel of peace is over your head. The angel of happiness is by your feet. Mumy's kisses cover you. God, Himself, is looking after you. Good night, baby! It is time to sleep. The angel of smile is on your lips. On your eye there is a tear of God. Sleep, sleep, don't open your eyes.

Good night, baby! Till you fall asleep, mummy will rock you with lullabies. Then she will hand you over to the angels. They will stay with you. Tomorrow with the brightness of the morning, your mouth will be full of beautiful smiles for dear mummy.

Good night, baby! It is time to sleep. Sleep, sleep, don't open your eyes.

## Glossary

| | |
|---|---|
| Good night | شەو باش |
| the baby | بەبەکە |
| time of | کاتی |
| sleep | خەوە |
| dream | خەون |
| pleasant | خۆش |
| waiting for you | چاوەڕێتە |
| angel of | فریشتەی |
| peace | ئاشتیی |
| over your head | لەسەر سەرتە |
| happiness | شادیی |
| by your feet | لەبەر پێتە |
| kiss of | ماچی |
| mummy | دایە |
| covers you | دات دەپۆشێ |
| God | خودا |
| Himself | بۆ خۆی |
| looking after you | چاوی لێتە |
| angel | فریشتە |
| smile | خەندە |
| on your lips | لەسەر لێوە |
| eye | چاو |
| tears | فرمێسکی |
| of God | خوای |
| has, stuck | پێوە |
| sleep | بنو |
| don't open your eyes | چاو مەکەوە! |
| lullaby | لایلایە |
| till you fall asleep | تا دەخەوی |
| rocks you | رات دەژەنێ |
| hand you over to the angels | دەتداتە دەست فریشتەکان |
| will not leave you | بەجێت ناهێڵن |
| alone | بە تەنێ |
| tomorrow | سبەی |
| with | لەگەڵ |
| brightness | گەشیی |
| morning | بەیان |
| mouth | دەم |
| full | پڕ |
| of | لە |
| beautiful | جوان |
| dear mummy | دایە گیان |
| smiles | پێدەکەنێ |

# پەڵە

کۆتایی هاوینە ، سەرەتای پاییزە
گەڵای زەرد کەوتوون، ریزە بە ریزە

نم نم، خۆش خۆش، خوڕ خوڕ، باران دەبارێ
بە ناو لقی دارەکاندا دێتە خوارێ

دەڵێی بەزمە ، دەڵێی جەنگە ، یان ئاهەنگە
هەموو لایە پڕ لە تەقە و رەقە و دەنگە

پەڵەیە و سەرەتای وەرزی بارانە
زەوی تینوو، شاگەشکەیە لە خۆشیانا

چەند خۆشە بۆنی خۆڵی ئەم ناوە
هەر گۆلاوێکی دەڵێی گولاوە!

ئەوا خۆشی کردەوەو خۆر هەڵهات
چەند خۆشە باران، چەند جوانە وڵات!

**Translation**

# Pele

It is the end of summer, the start of autumn.
Yellow leaves have fallen rows after rows.
It is drizzling. It is raining hard. It is pouring.
Rain falls down the tree branches.
It sounds like a  noisy happy occasion, a battle, a party.
Everywhere is full of loud noises as if of fireworks or gun battle.
It  is pele, the coming of rain god. It is the start of the rain season.
The thirsty land is overjoyed with pleasure.
How delightful the scent  of the sand of these quarters is!   As if every pond has turned into perfumeries.
Hey! The rain stopped. The sun shone.
How delightful the rain is! How beautiful the homeland looks!.

---

## Glossary

| | |
|---|---|
| pele (rain birth), a sustained period of rain heralding the end of summer and start of autumn's rain season in Kurdistan | پەڵە |
| end | کۆتایی |
| summer | هاوین |
| beginning | سەرەتا |
| autumn | پاییز |
| leaves | گەڵا |
| yellow | زەرد |
| falling | کەوتوون |
| row after row | ریزە بە ریزە |
| drizzling , soft small drops | نم نم |
| heavily | خۆش خۆش |
| pouringly | خوڕ خوڕ |
| it is raining | باران دەبارێ |
| through | بە ناو |
| branches | لق |
| trees | دارەکان |
| falls, comes down | دێتە خوارێ |
| sounds as | دەڵێی |
| fun, happy noisy occasion | بەزم |
| battle | جەنگە |
| or | یان |
| party | ئاهەنگ |
| everywhere | هەموو لایە |
| full | پڕ |
| of | لە |
| loud noises as if of firearms or firework | تەقە و رەقە |
| sound | دەنگ |
| beginning | سەرەتا |
| season of | وەرزی |
| rain | باران |
| land | زەوی |
| thirsty | تینوو |
| overjoyed | شاگەشکە |
| from pleasure | لە خۆشیانا |
| how delightful it is | چەند خۆشە |
| scent | بۆنی |
| sand | خۆڵ |
| this area | ئەم ناوە |

# سوپاس بۆ مۆسیقا

سوپاس بۆ مۆسیقا، بۆ دەنگ
سوپاس بۆ ئاواز و ئاهەنگ

سوپاس بۆ سازی ناو دەروون
قوڵپەقوڵپی کانیاوی روون

سوپاس بۆ چریکەی گەروو
جریوەجریوی بەیانی زوو

سوپاس بۆ خوڕەو قەڵبەزە
سوپاس بۆ هۆرەی سەد تەرزە

سوپاس بۆ لاێلایەی بە جۆش
سوپاس بۆ بەستەی دڵی خۆش

سوپاس بۆ بەزمی هەڵپەڕین
سوپاس بۆ شادی و پێکەنین

سوپاس بۆ مۆسیقا، بۆ دەنگ
سوپاس بۆ ئاواز و ئاهەنگ



# دەریای دەنگ

هەموو شتێ وتراوە
هەموو دەنگێ داڕێژراوە

-نا، هێشتاکە زۆری ونە
دەنگ دەریایەکی بێ بنە

پڕ ئاوازی سوور و شینە
پڕ شینی ئاوازنشینە

پڕ پەلکە زێڕینەی بە تاوە
تواوەتەوەو نەگیراوە

پڕ سروەی دوورەپەرێزە
پڕ سروودی راز ئامێزە



پڕ ویز ەو گیزە و ناڵەیە
پڕ لە زەنگ و زایەڵەیە

پڕ خورپە و ورتە و تاسەیە
پڕ هەنسك و هەناسەیە

پڕ رازی بوون و نەبوونە
پڕ خۆر و مانگی گەردوونە

نا..هێشتاکە زۆری ونە
دەنگ دەریایەکی بێ بنە!!

# وەرزەکان

پێم بڵێ ساڵێك چەند وەرزە.

- هاوینی گەرم و
پاییزی زەردو
زستانی ساردو
بەهاری سەوزە!!

چ وەرزێکت زۆر خۆش دەوێ؟

- بەهارم خۆش دەوێ سەوز و سەیرانە.
زستانم خۆش دەوێ بەفر و بارانە.
هاوینم خۆش دەوێ، کاتی کوێستانە.
پاییزم خۆش دەوێ، دڵگیر و نیانە!!



# دیلانێ

دیلانێ، دیلانێ
جۆلانە ، جۆلانە

دابەزە ، هەلبەزە
زەمینە ، ئاسمانە

بڕوانە بۆ نزیك
بۆ زۆر دوور بڕوانە

ریز ریزەی درەختە
یان پۆلی مەلانە

هێمن، هێمن، باڵ دەگرن،
لە جۆلانەی ئاسمانا

منیش لەناو جۆلانە
مەلێکی باڵدارم

بلندم، بلندم
ئاسمانە هەوارم.

# کۆنە سەعات

کۆنە سەعات بە دیوارەوە، دەگری و دەناڵێنێ،
بۆو کاتانەی دەیانهێنێ و بێ پەروا دەیان ڕژێنێ،

هەر ساتێ کە لێی دەڕوا، ئیدی بۆی ناگەڕێتەوە
بێ چارەشەو چیرۆکێکە هەر دەبێ بیگێڕێتەوە

هۆ کۆنە سەعات، هۆ کۆ نە سەعات
هۆ کۆ نە سەعاتی سەر دیوار
ئەرێ منیش دەکەی بە کات
لەناو سنگتا، دەمکەی حەشار؟

هەی کات هەڵلۆش
هەی بایەقووش

بۆ کوێ دەچن ئەمساڵ و پار!
چیان بەسەر دێ
هەموو ساتە وردەکانی
هاوین، زستان
پایز، بەهار؟

# هۆهۆ، تەرزە هۆ!

هەرێم لە قوتابخانە دەگەڕایەوەماڵەوە.
هێشتا زۆری مابوو بگاتەوە نزیک ماڵەکەیان.
باران، بەخوڕ، دەستی کرد بە باران.
هەرێم نەیزانی چی بکات:

ئایا لەژێر ڕێژنەی باراندا
تا دەگاتە ماڵەوە را بکات؟

لەم دەمەدا چاوی لە درەختێك بوولە شەقامەکەی ئەو بەرەوە
رای کردو لە ژێر درەختەکەدا وەستا.
بەڵام باران نەوەستا.
هەر باری، هەر باری،
تاچنگی گەڵاکان پڕ بوون لە ئاو.
قورس بوو.. پێیان هەڵنەگیراو رشتیانە خوار.
مل و بەرۆکی هەرێم پڕ بوون لە باراناو.
گوتی: تۆزێکی دی چاوەڕێ دەکەم
تا برووکێك دەدا.
ئەوسا رادەکەمە ناو ئەو گەراجەی نزیك ئێرە.
بەڵام باران هەر نەوەستا.

ئەمجار کردی بەتەرزە.
تەرزەی دەنك زل لەبەر دەمی هەڵدەبەزینەوە.
دەیان دا لە لق و پۆپی درەختەکەو
بەخڕی یان بەشکاوی دەهاتنە خوار.

هەرێم گوێی ڕاگرت
زۆر حەزی لەو دەنگ و ئاهەنگ و هەراو هەڵلآیە بوو،
کە کەوتنی دەنکە تەرزەکان لەسەر چڵ و پۆپی درەختەکەو
سەر جاددەکەی بەردەمی، دروستیان دەکرد.
بیری کردەوە.
"ئاە. خۆ تەرزە هەموو رۆژێ ناباری؛
خۆ ئەم دیمەنە و ئاهەنگە هەموو رۆژێ دوو بارە نابێتەوە!
ئای چەند حەزم لە تەپڵ لێدانی تەرزەیە!!"

بەدەم ئەم بیرانەوە کەوتە راکردن.
هاواری دەکرد: هۆ، هۆ، تەرزە هۆ!!
تەپڵی تەرزە، هۆ!!

تاگەیشتە ماڵەوە هەر رای دەکرد.
دەنکە تەرزەی زل لە تەپڵی سەری دەدان و دەتوانەوە.
ئەویش هەر هاواری دەکرد.

هۆ، هۆ، تەرزە هۆ!!
تەپڵی تەرزە هۆ!!

# رۆژی لەدایکبوونی مامۆستا

ئەمڕۆ لەنێو قوتابییەکاندا بوو بە چرپە و سرپە!

سبەینێ یادی رۆژی لەدایکبوونی مامۆستا ئازادە!
هەمووومان مامۆستا ئازادمان خۆش دەوێ
وەرن با کارێك بکەین سەرسامی بکات.
وەرن با ئاهەنگێك بۆ ڕێزگرتن لەمامۆستا ساز بکەین.
دیارییەکی جوانی بۆ بکرین.

شیرین و بەهار وتیان:
"ئێمە کێکێکی گەورە درووست دەکەین."
نازدار وتی:
"منیش یارمەتیتان دەدەم. کێکەکە دەڕازێنمەوەو لێی دەنووسم:
- جەژنی لەدایکبووت پیرۆزبێت، مامۆستا!"
ئاراس و فریشتەش وتیان:
"ئێمەش کارتێکی جوان درووست دەکەین و لێی دەنووسین:
جەژنی لەدایکبوونت پیرۆز بێت، مامۆستا گیان!"
هاوار وتی:
"منیش لێی دەنووسم: یا خوا هەر ساغ و شاد بیت،
تەمەنت دریژ بێ بۆمان، مامۆستا گیان!"

رزگار وتی:
منیش لێی دەنووسم: تۆ مرۆڤێکی گەورەیت، بە بیرو رەنجی خۆت ئێمە پێدەگەیەنی! زۆر سووپاس بۆ تۆ، مامۆستا گیان!"
لانەو بروسکیش وتیان:
"ئێمەش کیسێك چوکلێت دێنین و بەو بۆنەوە بەسەر هەموو قوتابیانی پۆلدا دابەشی دەکەین."

هۆگر وتی: " منیش هۆنراوەیەکی کورت ئامادە دەکەم و دەیخوێنمەوە!!"
هەموو لەسەر ئەمانە رێککەوتن و ڕۆیشتنەوە ماڵ.

بەیانی هەموو جلو بەرگی جوانیان پۆشیبوو، هەر وەك بۆ جەژن هاتبن.

مامۆستا هاتە ژوورەوە. هۆگر چاودێر بوو، وتی: هەستن!
هەموو هەستان.
مامۆستا وتی: فەرموون، دانیشن!
ئەوسا وتی:
-کوا بزانم وانەی ئەمڕۆتان ئامادە کردووە؟
کەس قسەی نەکرد.
مامۆستا دووبارەی کردەوە:
- دەڵێم وانەی ئەمڕۆتان ئامادە کردووە؟
هەموو بێدەنگ بوون.
مامۆستا وتی: چییە بۆ قسە ناکەن؟!
هەموو سەیری یەکتریان کردو بەزەردەخەنەوە، سەیری مامۆستایان کرد.
ئەوسا پێکەوە هەستانە سەرپێ و وتیان:
رۆژی لەدایکبوونت پیرۆز بێت، مامۆستا گیان!!
ئەوسا ئاراس و هەڵۆ هەستان و کارتەکەیان دایە.
مامۆستا هەموو پەیامەکانی خوێندنەوە. زۆر سەرسام بوو.

زور دڵخۆش بوو. نەیتوانی قسە بکات. تەنیا وتی:
زور سوپاس. زۆر سوپاستان دەکەم.
ئەمە سەرسامییە بۆ من. زۆر سوپاس.
ئەوسا قوتابییەکان وتیان: فەرموو مامۆستا با بچینە
ژووری قاوەخانەکە.

هەموویان بەرەو قاوەخانەکە چوون. بە جوانی رازێندرابۆوە.
کێکێکی سپی سەر رەنگاو ڕەنگ لەسەر مێزێکی ڕازاوە بە کاغەزی هەمە
ڕەنگ دانرا بوو. بە ڕەنگی شین لەسەر کێکە کە نووسرا بوو:
ڕۆژی لەدایکبوونت پیرۆز بێت، مامۆستا!

لە تەنیشت کێکەکەوە، سینییەك هەبوو، کۆمەڵێکی زۆر
مۆمی داگیرساوی لەسەر بوون.

قوتابییەکان لە دەوری مێزەکە و مۆمەکان ریز بوون.
ئەوسا مامۆستاو قوتابییەکان پێکەوە فوویان لە مۆمەکان کردن
تا هەموویان کوژانەوە.
قوتابییەکان بەیەك دەنگ بەخۆشییەوە هاواریان کرد:
-پیرۆز بێت، پیرۆز بێت
جەژنی لەدایکبوونت!
پیرۆزبیت، پیرۆزبێت،
جەژنی لەدایکبوونت!

شیرین هەستا بە چەقۆیەکی درێژ کێکەکەی بە قاشی بچووك بچووك
بڕی و هەر لەتەی دا بە یەکێك. دوای ئەوە لانەو بروسك
کەوتنە دابەشکردنی شیرینی و چوکلێت.

کاتی هەموودانیشتبوون چاو، قاوە یان شەربەتیان دەخواردەوە،
هۆگر لەبەر دەمیاندا وەستاو وتی:گوێگرن! هەموو گوێگرن!
ئەوسا کەوتە خوێندنەوەی هۆنراوەکەی:

سڵاو لەتۆ مامۆستا
سڵاو لە بیری روونت،
پیرۆز بێ- پیرۆز بێ،
جەژنی لەدایکبوونت!!

شادی تۆ، شادیمە
رەنجت سەرفرازیمە
وشەت رێی ئازادیمە
سڵاو لەبیری روونت
پیرۆز بێت، پیرۆز بێت
جەژنی لەدایکبوونت!

هەموو دایانە چەپڵە. مامۆستا ئازاد چاوی پر بوو لە ئاو، هەستاو وتی:

قوتابیە ئازیزەکانم! لەدەروونمەوە سووپاستان دەکەم.
بەراستی ئەوە سەرسامییەکی گەورە بوو بۆ من.
ئێوە رۆژی لەدایکبوونی منتان کردە یادێکی ئەوەندە خۆش و بەنرخ
کە قەت لەبیرم ناچێتەوە؛
چونکە هەرگیز خۆشەویستی و میهرەبانی ئێوەم لەیاد ناچێت!
سووپاستان دەکەم ئازیزانم. هەر بژین بۆ کورد و کوردستان!

# ماڵ

چۆلەكە هێلانەی خۆی خۆش دەوێ.
كەروێشك لانەی خۆی خۆش دەوێ.
منیش ماڵی خۆم خۆش دەوێ.

حەز دەكەم ماڵەكەم پاك و جوان و رازاوە بێ.
ژوورەكانی بێگەردو سازگاربن.
پڕ بن لە بابەتی دڵگیر.

من ماڵەكەمم خۆش دەوێ.
هەموو دەمێ خاوێن رای دەگرم.
شتەكان پەرت و بڵاو ناكەمەوە.
هەر شتە بە جوانی لە شوێنی خۆیدا دادەنێم.

هەر كاتێ ماوەیەكی زۆر دوور كەومەوە.
دڵم پڕ دەبێ لە پەرۆش و پێم دەڵێ:
با بچینەوە ماڵێ!
ماڵەكەم هێلانەی دڵمە.
ئارامگەی ژیانمە.

# نزای بەرە بەیان

یەزدانی مەزن:

هێزم پێ بدە، هەر کارێکی کردم تێیدا سەرکەوم.

هیوام پێ بدە، هەر کارەساتێ هاتە رێم، بەسەریدا زاڵ بم.

خۆشیم پێ بدە، بتوانم بەخەندە پێشوازی هەموو دۆستێك بکەم.

ئارامم پێ بدە، لە سەختیدا نەبەزم.

خۆشەویستیم پێ بدە، لە بەخشینی دا بەرچاو تەنگ نەبم.

سۆزو بەزەییم پێ بدە دەستم نەچێتە ئازاری هیچ گیانلەبەرێك.

یەزدانی مەزن: دڵێکم پێ بدە هەست بە هەستی دڵان بکا!

بیرێکم پێ بدە، لەتاریکیدا رووناکی بدۆزێتەوە!



# ئاگر

ئازاد و دایك و باوکی و برا گچکەکەی لەسەیران بوون.
ئازاد کۆمەڵێ دارو چیلکەی خەڵووزی لەناو مقەڵییەکدابەسەریەکدا ڕۆنا بوون.
هەندێ کاغەزیشی خستبووە نێوانیانەوە.
بە چەرخێك کاغەزەکانی دادەگیرسان. دەیویست ئاگر بکاتەوە.
بەڵام هەموو جارێ کاغەزەکە بڕێ دەسووتاو دەکوژایەوە. ئازاد وەرز بوو. نەیزانی چ بکات. لەوکاتەدا باوکی هات بۆ لای، وتی:
-ئازاد ئەوە چ دەکەی؟
-دەمەوێ ئەم ئاگرە بکەمەوە؟
-بۆ؟
-دەمەوێ من ئاگرەکەتان بۆ بکەمەوە، تا بۆ گۆشت برژاندن ئامادەبێت.
باوکی وتی:" ئازاد ئاگر وا ناکرێتەوە. جارێ تۆ وا دانیشتوویت کە پشتت لە بایەکە کردوەو ڕێگای لێ گرتووە."

ئازاد وتی: با هەقی چییە؟ ئەوە تا من کاغەزم داناوە. دارو چیلکەم خڕ کردۆتەوە. کەچی گڕ ناگرێ!
باوکی وتی: نازانی ئاگر تەنیا بە دارو چیلکەو کاغەز، تەنانەت تەنیا بە بەنزین و نەوتیش، ناکرێتەوە. هەموو ئاگرێك بۆ ئەوەی ببێ، پێویستی بە با یان هەوایە. ئاگر هەواش دەسووتێنێ.

هەوا تێکەڵە لە دوو گازی نەبینراو پێیان دەگوترێ ئۆکسجین و نایترۆجین. پێویستە لەوە دڵنیا بی کە ئاگرەکە دەرفەتی ئەوەی هەیە ئۆکسجینێکی فرەی بۆ بێت، ئەگینا تەنیا خەفە دەبێ و دەکوژێتەوە. ئەو شێوەی تۆ ئاگرەکەت داناوە دەبێتە هۆی ئەوەی گڕەکە بخنکێ. کاغەزەکە لە ژێرەوە دەسووتێ و دارەکان بەسەریدا دەخزێن و ئەگەر برێ لە چیلکەکانیش بسووتێن و بڕۆخێن ، خەڵووزەکە بۆشاییەکە پڕدەکاتەوە.. بەم چەشنە هەموو کاتێ سووتەمەنییەکەی تۆ بریتییە لەکۆمەڵێ کاغەزو دارو خەڵووزی بەسەریەکدا کەوتوو و هیچ کەلێن و بۆشاییەکی بۆ هەوا نەهێشتۆتەوە.

ئەوسا باوکی ئازاد دەستی کرد بە دەرهێنانی خەڵووزەکان. کە ئەمەی تەواو کرد دارەکانی راکێشان. ئەوکاغەزەی مابوو، پان و سافی کردەوە چونکە ئازاد گرژ و لوولی کرد بوون و وەك بابۆڵەی لێ کردبوون.
باوکی وتی:
ئێستا ئازاد دەتوانی لەسەرەوە دەست پێبکەیتەوە!
یەکەم شت دەبێ کاغەزەکە بە خاوی دابنێیی، بای مەدەو بە توندی لوولی مەکە. ئەوسا دەبێ دارو چیلکەکان بەچەشنێ بەکاربێنی کە جۆرە پردێکیان لێ درووست بکەیت کە ئەگەر کاغەزەکەی ژێرەوە سووتا یەکسەر بەسەریدا نەڕوخێت. ئەگینا هەوای بۆ نایەو گڕەکە دەکوژێتەوە.

باوکی ئازاد دارە زل و بەهێزەکانی بە پانیی مقەڵییەکە ریزکردن و بۆشاییەکی گەورەی لە ژێریانەوە بۆ کاغەزەکە هێشتەوە. لەسەر دارە

گەورەکان، چیلکەکانی بە شێوەی تێکپەڕ دانان. چیلکەکان بۆشایی نێوان دارە ئەستوورەکانیان پڕ نەکردنەوە، بەڵکو بۆشاییە زلەکانیان کردنە کۆمەڵێ بۆشایی بچووکتر، تا کلۆ خەڵوزەکان لێیانەوە بەر نەبنەوە. دوای ئەوەی دارەرایەکی بەهێزی بۆ پاڵپشتی خەڵووزەکە دروست کرد، دەستی کرد بە دانانی یەك بەیەکی کلۆ رەژۆکان، ئاگاداری ئەوە بوو کە ئەوانە بەکار نەهێنێ کە زۆر بچووکن و بۆشاییەکان دەگرن، ئەوانەش بەکارنەهێنێ کە زور گەورەن و خراپ دەسووتێن.
دوای ئەمە باوکی ئالا گوتی:
ئێستادەتوانی دای بگیرسێنی! ئەگەر کاغەزەکە هەمووی بسووتێ پێش ئەوەی چیلکەکان دابگیرسێن، ئەوە قەیناکا. چونکە دەتوانین هەندێ کاغەزی دیکەی تێبخەین و پاڵی پێوە نێین تا دارەکە دەسووتێ.

ئالا دەنکە شقارتەیەکی لێداو بەکاغەزەکەیەوە نا. یەکسەر داگیرسا. کە گڕەکە خەریك بو دامرکێتەوە، هەندێ کاغەزی دیکەی خستە نیوان شیشەکانەوە. ئاخری، دارەکان دەستیان کرد بە سووتان. تۆزێ شێدار بوون، بەڵام بە بەکار هێنانی کاغەزی زۆر، زوو ویشك بوونەوەو گڕیان گرت.
ئالا وتی: بابە. دەتوانم ئێستا بەجێی بێڵم؟
باوکی گوتی: بەڵێ -ئێستا دەبێ بەبێ گرفت بسووتێ. ئەگەر هەست دەکەی لەوانەیە دارەکە هەرەس بێنێ بەر لەوەی هیچ لە خەڵووزەکان خەریکی
گەشانەوە بن، ئەوە دەتوانی مقاشێ بەکاربێنی تا خەڵووزەکان رابگرێت.

خۆ ئەگەر لەگەڵ هەموو هەوڵێکیشدا هەر هەموو ئاگرەکە بەسەر یەکدا کەوت، ئەوا دەتوانی بە باوەشێنکردنی لەخەفە بوون رزگاری بکەی. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانی مقەبایەکی ئەستوور یا سینییەکی بچووك بەکاربێنی.

لەوکاتەدا باوکی خەریکی قسەکردن بوو، ئاگرەکە بە جوانی کڵپەی سەند. ئالاّ سەیری کرد تا دارەراکە خەریکی سووتان و رمان بوو، خەڵووزەکان وردە وردە دەبوونە پشکۆی سوور.
گوتی: بابە پێویستی بەوە نابێ مقاش یان باوەشێن بەکارێنم!

کە دایکی ئالاّ بەخۆو بە گۆشتەوە گەیشت، سەیری کرد ئالاّ خەڵووزەکانی گەش کردوونەوەو مقەڵییەکە ئامادەیە. زۆر سوپاسی کرد.

دوای کەمێ بۆن و چزەی گۆشتی برژاو لەگەڵ گەرموگوڕی ئاگرەکەو خۆشی دڵی ئالاّ تێکەڵ بوون.

# هەڵم

ئەگەر تۆ ئاو لەناو قاپێکی کراوەدا یان کەترییەکدا گەرم بکەیت، سەیردەکەی پلەی گەرمییەکەی وردە وردە بۆ ٢١٢ پلەی فەهرینهایت بەرز دەبێتەوە، بەڵام لەمە زیاتر باڵا ناچێت.

لە پلەی ٢١٢ ی فەهرینهایت دا ئاو فرە دەهاروژێ، لەبەر ئەوەی زۆر بڵقە ئاو درووست دەبن و بەرز دەبنەوە بۆ سەر رووی ئاوەکەو دەتەقن و هەڵم بڵاو دەکەنەوە. گەرمکردنی بەردەوامی ئاو دەبێتە هۆی ئەوەی وردە وردە نەمێنێ، دەگۆڕێ بە هەڵم و بەرز دەبێتەوە بۆ ناو هەواو نامێنێ. ئاو بەم چەشنە، ئەگەرچی زۆر بەهێواشیش بێ، لەناو دەچێ، هەتا ئەگەر هەر هیچ گەرمیشی نەکەین. گۆمیلکە ئاوی شەقامەکان ویشك دەبنەوە چونکە ئاوەکە بەشی ئەوەندەی گەرمایی لە خاکەوە یان لە باوە یان راستەوخۆ لەتیشکی خۆرەوە بۆ دێت، کە بیکا بە هەڵمێکی نەبینراو.

کەژەوا (ئەتمۆسفێر)ی ئێمە هەمیشە بارە هەڵاوی تازەی بۆ دروست دەبێ تا هەڵی بگرێت. مەکینەیەکی گەورەی شەمەندەفەر لە هەر سەعاتێکدا کە کار دەکات دەشێ دە تەن یان زیاتر هەڵاو بۆ هەوا دروست بکات تا هەڵیبگرێت. ئەو گەرمەبایانەی بەسەر دەریادا هەڵدەکەن دەبن بەهەڵماوو چەندییەکی زۆری ئاو لەشێوەی قەترە ئاوی نەبینراودا هەڵدەگرن. تەنانەت درەختێك دەشێ لە ڕۆژێکی گەرمی هاویندا نزیکەی نیو تەن شێ بخاتە ناو هەواوە. کاتێ هەوایەکی گەرمی شێدار بۆ

بەرزییەکی زۆر بەرز دەبێتەوە (دەشێ چیا کان ناچاری بکەن ئەمە بکات، دەشێ تووشی بارو دۆخێکی زور سارد تربێت) ئەوساتە باری شێ ئاوەکە زیاتر لەوە دەبێ پێی هەڵبگیرێ.

لە ئەنجامدا ئەو هەڵاوە نەبینراوە، جارێکی دی دەبێتەوە بە ئاو، یەکەمجار لە شێوەی بلێونەهای لە ژمارە نەهاتوو لە دڵۆپەی بچووك کە بەناو فەزادا بڵاو دەبنەوەو تەمومژیان هەور پێك دێنن، دەردەکەون. ئەو شێوە سپییە خوری ئاسایە جوانەی لە ئاسمان دەیبینین راستییەکەی تەنیا پەڵەی تەمن کە

تیشکی سپی خۆر رەنگ پێدەدەنەوە. هەندێ جار ئەو پەڵانە یەك دەگرن تا هەمو ئاسمان دادەپۆشن. ئەوسا رۆژیی لێڵی بێ خۆرمان بۆ درووست دەبێ.

ئەگەر هەورەکان زۆر ئەستوور و گەورەبن، دەشێ بەری زۆربەی تیشکی خۆر بگرن و بەشێوەیەکی زۆر تاریك و هەڕەشاوی دەربکەون. لەهەوری زۆر گەورەدا تنۆکە وردەکان کۆ دەبنەوە و دڵۆپەی گەورەتر دروست دەکەن.

تنۆکەی زور بچووك وەك گەردی تۆز، دەشێ بە بێکۆتایی بە فەزادا پیاسە بکەن، بەڵام هی گەورەتر دەبێ بکەونە خوارەوە. بە بەراوردی لەگەڵ سەر رووياندا قورسییەکەیان فرەترە. لەبەر ئەوە لە جیاتی ئەوەی وەك پەڕ بە ئاسماندا مەلەوانی بکەن،وەك دڵۆپەی بچووك دەخزێنە خوارەوە. لەوکاتەدایە کە باران دەبارێ.

# رایم بۆ منداڵان

(١)

ماسی لەناو دەریایە
تەیرو تور لە ئاسمان
قاچی منیش لە سەر ئەرزە
نازانم بچم بۆ کامیان!

(٢)

دن. دن. ددەدا
دارا دەفەم بۆ لێدەدا
دارا دەفەم بۆ لێدەدا
دن. دن. ددەدا

(٣)

نەنە ،نەنە
سەرت گرتووە لە خەنە
بەبێ ددان بۆم بخەنە
نەنە ،نەنە

(٤)

دایکم کفتەی لێناوە
کفتەی خڕ

کفتەی پڕ
کفتەی چڕ

منیش ددانم تێناوە
کفتەی خڕ
کفتەی پڕ
کفتەی چڕ

(٥)
خوڕەخوڕی بارانە
گڤەگڤی رەشەبا
بەڵام من دڵم خۆشە
دایکم دەچێ بۆ بازاڕ
منیش لەگەڵ خۆی دەبا!

(٦)
کفتەی کوردییم پێخۆشە
های لۆلۆ
وای لۆلۆ
دۆی بەدوادا بنۆشە
های لۆلۆ
وای لۆلۆ

(٧)
دایە مەشکە دەژێنێ
رۆن و دۆی لێدەردێنێ

دەنگی مەشکە چەند خۆشە
وەرە دۆی سارد بنۆشە

(٨)

پاشا کۆرەی سۆران
تۆپی دروست کرد لە ڕەواندز
تا پێی ڕزگار کا کوردستان
پاشا کۆرەی سۆران

(٩)

دوازدە سوارەی مەریوان
دوازدە کوردی قارەمان
سووپای عەجەمیان شکان
دوازدە سوارەی مەریوان

(١٠)

گم، گم.گم،گم.
کۆترەشینی بەر پەنجەرە
هانێ دوو دەنکە گەنم
کۆترەشینی بەر پەنجەرە!

(١١)

دوو چوێلەکە پاساری
پێکەوە فڕین بۆ شاری
شەو لە ئوتێل مانەوە
بۆ سبەی گەڕانەوە

(١٢)

چووم بۆ باخی هەناران
سێ دانەی گەورەم چنین
یەک ترش
یەک مێخۆش
یەک شیرین.

(١٣)

کەڵەشێر دەقوقێنێ
چۆێلەکە دەجریوێنێ
پشیلە دەمیاوێنێ
ئەسپەشێ دەحیلێنێ
مریشکە رەشیش: قاق، قاق، قاق!

(١٤)

کوردستان چەند ئانە؟
بابانە، سۆرانە
گەرمیانە، بادینانە،
موکریانە، ئەردەڵانە
لەمانەش زۆر زیاترە،
کوردستان گەورەو پانە!

(١٥)

بادەوە، بادەوە
جادە رێت هەڵەیە!
تۆ بەلای چەپدا دەڕۆی
کەچی لای ڕاست ڕێگەیە!

(١٦)

سبەینێ یاری فتبۆڵە
تیپی ئێمە دەیباتەوە
چاوت لێ بێ لەو گۆڵەی
گۆڵە سوور دەیکاتەوە!

(١٧)

سێ سێو، سێ هەرمێ
سێ کیلۆ ترێ
کێ هەمووی پێ دەخورێ؟
پاڵە دەڵێ من!!

# جووک جووک چۆلەکە

جووک جووک چۆلەکە
چۆلەکە بچکۆلەکە

وەرە ببە میوانم
ببە هاوڕێی ژیانم

لەگەڵ منا نان بخۆ
بۆ کوێ حەزت کرد بڕۆ

بەیانیان بجریوێنە
لە خەو هەڵم بستێنە!

بۆم بچرە بەستەی خۆش خۆش
منیش ناتکەم فەرامۆش

هاوبەشم بە بە شادیی
زێد و نان و ئازادی!

# کونده بەبوو - و پشیلە!

شیعری ئێدوارد لیر، لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە

(١)

**کوندە بەبوو-و پشیلە چوون بۆ دەریا**
**بە بەلەمێکی سەوزی قەزوانیی**
**هەندێ هەنگوین و یەك بەستە پارەیان پێبوو**
**کوندە بەبوو روانییە ئەستێرەی ئاسمانی**
**بەدەم گیتارەوە، کەوتە گۆرانی:**

**تۆ چەند پشەیەکی جوانی**
**پشەکەم**
**پشەکەم**
**پشەکەم**
**تۆ چەند پشەیەکی جوانی!**

(٢)

**پشیلەکە بە کوندە بەبووی گوت:**
**ئاه، ئەی باڵندەی رەنگین!**
**ئەی خاوەنی خۆشترین دەنکی شیرین**
**وەرە با ببینە هاوسەری یەکتر**
**چاوەڕوانی بەسە ئیتر!**
**بەڵام لەکوێ**
**ئاڵقەیەك بکڕین بۆ نیشانە؟**

به دەریادا رۆیشتن رۆژانە، شەوانە
تا یەك سەدو یەك رۆژ
گەیشتنە ئەو خاکەی
درەختی هەنگوینی لێ دەڕوێ
چاویان کەوت بە بەرازە ـ دەوەنێك لەوێ
لووتی ئەڵقەدار بوو
لووتی ئەڵقەدار بوو
ئەڵقەیەکی خڕ
لە سەر رووی دیار بوو.

"ئەی بەرازی زۆر بەڕێز،
ئەو ئەڵقە دەفرۆشی بە یەك فلووس؟"
گوتی: "دەیفرۆشم!"، بەرازی زمان لووس!
پشیلەکە ئەڵقەی برد و بۆ سبەینێ
عەلی شیش کوندەبەبووی لێ مارە کرد
تێر تێریان خوارد لە گۆشتی جنراو
لەگەڵ چێشتی پلاو
بە کەوچکێکی قوپاو
دەست لە ناو دەست
دڵخۆش و مەست
لە سەر رۆخی تەلارە گڵ
لە بەر تریفەی مانگە شەو
سەمایان کرد بە هەست و دڵ
لە بەر تریفەی مانگەشەو!!

*The owl and the pussy-cat by Edward Lear

# پیرێژن و کوولەکە

نووسینەوەی: مایکل رۆزن
لە ئینگلیزییەوە گۆڕدراوە.

**جارێك پیریژنێك ماڵی بەجێهێشت تا سەردانی کچەزایەکەی بکات.**
**هەر دوو سەگەکەی لە ماڵ دەرپەڕین و بە دوای کەوتن.**
**"بگەرێوە رەنگە! بگەرێوە بەنگە! ئەمرۆ ئێوە لەگەڵم نایەن."**
**سەگەکان کلکیان باداو بەرەو ماڵ رایان کردەوە.**
**پیرێژنیش هەورازە رێی ماڵی کچەزاکەی گرتە بەر.**

**زۆرێ پێ نەچوو، چەقەڵێك پیرێژنی بینی لەرێوە دەهات.**
**بە راکردن بۆی چوو:**
**"هەی لە خۆم، وەی لە خۆم،**
**پیرێژن بۆ شام تۆ دەخۆم".**
**پیرێژن گوتی: " ئاە، بەراستتە! ئەرێ قەت شتی وات بیستووە؟**
**فەرموو بمخۆ! ئەرێ تۆ شێت بووی؟ نابینی من تەنیا پێست و ئێسقانم؟**
**دلنیابە چ ژەمێکت لە من دەستگیر نابێ.**
**بەلام گوێ بگرە: من هەر ئێستا بۆ ماڵی کچەزاکەم بەرێوەم.**
**دەرفەتم بدە چەند رۆژێك لەوێ بم، تا بۆ زیافەتی تۆ خۆم دابەستم."**

چەقەڵەکە گوتی:" ئا، بەراست؟ دابەستە، شتێکی خۆشە!
باشە، تا دەتوانێ بەخێرایی خۆت بگەیەنە ئەوێ.
کە گەڕایتەوە من لێرە چاوەڕێتم!"
پیرێژن تێی تەقاند.

کەمێ لەوولاترەوە، پڵنگێ پیرێژنی بینی بە ڕێدا دەهات.
بە ڕاکردن بۆی چوو:
"هەی لە خۆم، وەی لە خۆم،
پیرێژن بۆ شام تۆ دەخۆم".
پیرێژن گوتی: " ئاە، بەراستتە! ئەرێ قەت شتی وات بیستووە؟
فەرموو بمخۆ! ئەرێ تۆ شێت بووی؟ نابینی من تەنیا پێست و ئێسقانم؟
دڵنیابە چ ژەمێکت لە من دەستگیر نابێ.
بەڵام گوێ بگرە: من هەر ئێستا بۆ ماڵی کچەزاکەم بەڕێوەم.
دەرفەتم بدە چەند رۆژێك لەوێ بم، تا بۆ زیافەتی تۆ خۆم دابەستم."

پڵنگەکە گوتی:" ئا، بەراست؟ دابەستە، شتێکی خۆشە!
باشە، تا دەتوانی بەخێرایی خۆت بگەیەنە ئەوێ.
کە گەڕایتەوە من لێرە چاوەڕێتم!"
پیرێژن تێی تەقاند.

دوای ماوەیەکی دی ورچێك پیرێژنی بینی بە ڕێدا دەهات.
بە ڕاکردن بۆی چوو:
"هەی لە خۆم، وەی لە خۆم،
پیرێژن بۆ شام تۆ دەخۆم".
پیرێژن گوتی: " ئاە، بە راستتە! ئەرێ قەت شتی وات بیستووە؟
فەرموو بمخۆ! ئەرێ تۆ شێت بووی؟ نابینی من تەنیا پێست و ئێسقانم؟

دلنیابە چ ژەمێکت لە من دەستگیر نابێ.
بەڵام گوێ بگرە: من هەر ئێستا بۆماڵی کچەزاکەم بە ڕێوەم.
دەرفەتم بدە چەند ڕۆژێك لەوێ بم، تا بۆ زیافەتی تۆ خۆم دابەستم."

ورچەکە گوتی:" ئا، بەراست؟ دابەستە، شتێکی خۆشە!
باشە، تا دەتوانی بەخێرایی خۆت بگەیەنە ئەوێ.
کە گەڕایتەوە من لێرە چاوەڕێتم!"
پیرێژن تێی تەقاند.

ئەوەندەی پێنەچوو پیرێژن گەیشتە ماڵی کچەزاکەی.
ئای لە من، وای لە من، تۆ باوەڕ ناکەی چەندی خوارد!!

لە سپیدەی بەیانەوە تا زەردەی ئێوارە لە خواردن نەکەوت.
نیوەشەوان بە خەبەر دەبۆوەو پاشماوەکانی دەکرۆستنەوە.
دیارە دەزانی چ روویدا، چۆن نازانی؟
قەڵەو بوو.
ئەستوور بوو، ئەستوور بوو، تا کراسەکەی بە بەرییەوە نەدەچوو.

بە کچەزاکەی گوت:
"ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بڕۆمەوە ماڵێ"
"بەڵام نابینی هێندە قەڵەوبووم ناتوانم بە ڕێوە بڕۆم.
هەر ئەوەندەم بەسە خلۆر ببمەوە.
گرفتەکە ئەوەیە ورچێك و پڵنگێك و چەقەڵێك لەسەر ڕێمن،
چاوەڕێم دەکەن تا بمخۆن.
ئەرێ من چ بکەم؟!"

کچەکە گوتی: " من پێت دەڵێم چ بکەی!

له دەرەوە کوولەکەیەکی گەورەم هەیە،
ئەگەر ناوکەکەی دەربێنین، دەتوانی بچیتە ناوی.
تا دەگەیە مال لە ناویا خۆت خلۆر بکەوە!"

ئەمەیان کرد.
کچەزاکەی هەندێك برنج و شیرینی دا بە نەنکی تا بیخوا.
پاڵی پێوە نا بۆ ناو کوولەکەکە، دەمەکەی بەست و پاڵێکی توندی پێوە نا
تا بڕوا.
کوولەکەکە بۆی دەرچوو، بە سەر لێژە ڕێیەکەدا خلۆر بۆوە.

لە ناوەوە پیرێژن دەستێ کرد بە گۆرانی گوتن:

"کوولەکە خلۆر بەوە، کوولەکە خلۆر بەوە.
پیرێژنە قەڵەو دەرباز بوو.
ئەمرۆ کەس ناتوانێ بیگرێ!
کوولەکە خلۆر بەوە، کوولەکە خلۆر بەوە،
مەوەستە تا ئاخری ڕێ."

بەڵام لەوێ، لە ناوقەدی ڕێ، ورچ وەستابوو،
زاری داپچڕیبوو، زمانی دەرهێنابوو،
چاوەڕوان بوو پیرێژن بێت و بیکا بە خواردنی شام.

بەڵام ئەمە چییە؟!
تەنیا کوولەکەیەکی پیرەو بەرەو ڕووی خلۆر بۆتەوە.

خۆێ لێ لادا تا بە تەنیشتیا بڕوا،
بەلام، ئای، خۆ گوێی لە دەنگێکە دەلێ:
"کوولەکە خلۆر بەوە، کوولەکە خلۆر بەوە.
پیرێژنە قەڵەو دەرباز بوو.
ئەمرۆ کەس ناتوانێ بیگرێ!
کوولەکە خلۆر بەوە، کوولەکە خلۆر بەوە،
مەوەستە تا ئاخری رێ."

ئەم دەنگە چی بوو لە ناو کوولەکەکەوە گوێی لێبووو؟
دەیگوت: "پیرێژنە قەڵەو دەرباز بووا!"
"پف، دەربازی بوو، وا نییە، رۆژی بەختی من نییە".
بە مڕەو بۆلەوە ، مستێکی پیاکێشا
کوولەکە سەرەو لێژ خلۆر بۆوە.
لە ناویا پیرێژن، گۆرانی خۆی دەگوت:

"کوولەکە خلۆر بەوە، کوولەکە خلۆر بەوە.
پیرێژنە قەڵەو دەرباز بوو.
ئەمرو کەس ناتوانێ بیگرێ!
کوولەکە خلۆر بەوە، کوولەکە خلۆر بەوە،
مەوەستە تا ئاخری رێ."

بەلام لەوێ، لە ناوقەدی رێ، پڵنگ وەستابوو،
زاری داپچڕیبوو، زمانی دەرهێنابوو،
چاوەڕوان بوو پیرێژن بێت و بیکا بە خواردنی شام.

بەڵام ئەمە چییە ؟!
تەنیا کوولەکەیەکی پیرەو بەرەو رووی خلۆر بۆتەوە.
خۆیَ لیَ لادا تا بە تەنیشتیا بروا،
بەڵام، ئای، خۆ گوێی لە دەنگێکە دەڵێ:

"کوولەکە خلۆر بەوە، کوولەکە خلۆر بەوە.
پیرێژنە قەڵەو دەرباز بوو.
ئەمرۆ کەس ناتوانێ بیگرێ!
کوولەکە خلۆر بەوە، کوولەکە خلۆر بەوە،
مەوەستە تا ئاخری رێ."

ئەم دەنگە چی بوو لە ناو کوولەکەکەوە گوێی لێبوو
دەیگوت: "پیرێژنە قەڵەو دەرباز بوو"
"پف، دەربازی بوو، وا نییە، رۆژی بەختی من نییە".
بە مرەو بۆڵەوە، مستێکی پیا کێشا
کوولەکە سەرەو لێژ خلۆر بۆوە.
لە ناویا پیرێژن، گۆرانی خۆی دەگوت:

"کوولەکە خلۆر بەوە، کوولەکە خلۆر بەوە.
پیرێژنە قەڵەو دەرباز بوو.
ئەمرۆ کەس ناتوانێ بیگرێ!
کوولەکە خلۆر بەوە، کوولەکە خلۆر بەوە،
مەوەستە تا ئاخری رێ."

بەڵام لەوێ، لە ناوقەدی رێ، چەقەڵ وەستابوو،
زاری داپچڕیبوو، زمانی دەرهێنابوو،
چاوەروان بوو پیرێژن بێت و بیکا بە خواردنی شام.

بەڵام ئەمە چییە؟!
تەنیا کوولەکەیەکی پیرەو بەرەو رووی خلۆر بۆتەوە.
خۆێ لێ لادا تا بە تەنیشتیا بڕوا،
بەڵام، ئای، خۆ گوێی لە دەنگێکە دەڵێ:

"کوولەکە خلۆر بەوە، کوولەکە خلۆر بەوە.
پیرێژنە قەڵەو دەرباز بوو.
ئەمڕۆ کەس ناتوانێ بیگرێ!
کوولەکە خلۆر بەوە، کوولەکە خلۆر بەوە،
مەوەستە تا ئاخری رێ ."

چەقەڵ گوتی:" هم، هم!
یەکەم جارە کوولەکەی گۆرانیبێژ ببینم.
ئەمە چۆن وایە؟
دەبێ سەیرکەم کێی لەناو دایە!!"

بەم جۆرە چەقەڵ کوولەکەی وەستان،
پارچە پارچەی کرد، بە چنگ و ددان:
"های، ئەوە تۆی، پیرێژن گیان!!
چاوەروانت بووم، چاوەڕوان!!"

ئێستا پیرێژن کەوتە تەڵەوە، دەتوانێ چ بکا؟
زوو بیری کردەوە، ئەوسا کەوتە گۆ:
"بێگومان بمخۆ، ئەدی بۆچی هاتوومەوە؟
بەڵام مژدەی خۆشم پێیە بۆ تۆ.
کاتێ من لە دەشت بووم، دوو کەسی ترم بینین دەتوانی لەگەڵ من بیانخۆی.
بچم بیان هێنم بۆ تۆ؟"

چەقەڵ کەمێ بیری کردەوە، ئەوسا گوتی:
"زۆر چاکە، بەڵێ، ئەوپەڕێتی، ئۆی، حەم حەم، خێراکە بیانهێنە!"

بەم جۆرە پیرێژن هەستاو رۆیشت بۆ سەری هەورازە رێ.
بە هەموو دەنگی هاواری کرد:
" هۆ، هۆ، هۆ! ئەوە منم لێرەم! ئەوە منم ئەو پیرێژنەم
ئەو رۆژە تووشتان بووم.

ئەوەتا لێرەم، بمگەنێ.. هێ هێ، هۆ هۆ هۆ !!"

کە پڵنگ و ورچەکە گوێیان لەمە بوو: بەرەو خوار رایان کرد.
پلنگ گوتی: " ئێستا دەتکەم بە خواردنی شامم!"
ورچ گوتی: " ئێستا دەتکەم بە خواردنی شامم!"
چەقەڵ گوتی: " نا، زەلام، بە هەڵەدا چوون، ئەوە ژەمە شامی منە".

پلنگ گوتی: "ئەو بەڵێنی بە من دا بیخۆم."
چەقەڵ گوتی: " یەکەم کەس بەڵێنی بە من دا."

ورچەکە گوتی" من دوا کەس بووم لە سەر ڕێ بینیم، دوا بەڵێنی بە من داو هەر ئەوەش حەلە."
پڵنگ گوتی:" بەڵێن، بەڵێن، بەڵێن! من چم لە بەڵێنان داوە، هی منەو بڕایەوە!"
کە ئەمەی گوت، ورچ و چەقەڵ پەلاماریان دا. هەرسێ بە هەموو هێزیان کەوتنە شەڕکردن.

کە بە تەواوی خەریکی شەڕ بوون،
بە ددان و چنگ، بە چنگ و ددان،
پیرێژن بەرەو ماڵ تێی تەقان،
دەرگاکەی لە سەرخۆ داخست و
ڕەنگەو بەنگەی بۆ پاسی خۆی ناردنە بەر دەرگا.

ئەی پڵنگ و ورچ و چەقەڵەکە چییان لێهات؟
وا بزانم هێشتا هەر لەوێن،
بەهەموو هێزیان شەڕ دەکەن و قەپاڵ لە یەکتری دەگرن."
==========

The Kurdish edition of "The Old Woman and the Pumpkin' was first published by Learning Design, London Borough of Tower Hamlet's Professional Development Centr in June 1997.

# نامەیەک بۆ دایک و باوکم

دایە گیان، بابە گیان

من دەمێك نییە لە قوتابخانەی هەڵەبجە کوردیی دەخوێنم و ئەوەندە فێر نەبووم بتوانم نامەیەکی ڕێکوپێکتان بۆ بنووسم. بەڵام ئەوەندە تێگەیشتووم کە زمانەکەمان جوانە، شیرینە، پاك و بێگەردو ڕازاوەیە. بییرم لەوە کردەوە نامەیەك بەم زمانە ڕەنگینەی خۆمان بۆ کەسێکی نزیك و خۆشەویستم بنووسم. ئێوەش، دایە و بابە گیان، خۆشەویستترین و ئازیزترین کەسی منن. بۆیە بە ئەرکی خۆم زانی یەکەم نامەم بۆ ئێوە بێ. هەروا، هەندێ شتم لە دڵدا بوو کە حەزم دەکرد بۆتانی دەربڕم. دیارە بە قسە نەمدەتوانی. خۆ نووسینیش شێوەیەکی دیکەی یەکتر دواندن و گەیاندن و گۆڕینەوەی هەست و بیرو مەبەستە. بۆیە هیوادارم ئێوەش بە خۆشییەوە نامەکەم پەسند بکەن.

بابە گیان، دایە گیان

من دەزانم ئێوە منتان زۆر خۆش دەوێ. حەزیش دەکەن من بە خوشەویستی ئێوە بزانم، ڕێزی لێ بگرم، بە نرخی بگرم و هەر بە خۆشەویستیش پاداشتی بدەمەوە. پێشەکی دەڵێم خوشەویستێ ئێوەم زۆر لا گرنگە. سامان و سەرمایەی هەرە مەزنی ژیانمە. من دەزانم لە کۆرپەیەکی بچووکی بێهێزو دەسەڵاتەوە، ئێوە بە ڕەنج و ئەرکی خۆتان

پەروەردەتان کردم. لە هەموو هەنگاوێکی بچکۆلەمدا خۆشەویستیی ئێوە ڕێبەرو یارمەتیدەرم بوو.

دایە گیان، بێخەویی و شەونخوونیی شەوانی تۆم لە بیرە. شیرت دەدامێ، خواردنی خۆشت بۆ دەکردم، پاك و خاوێن رات دەگرتم، بە لایلایەی بە سۆزیش لە باوەشی پیرۆزی خۆتدا دەتخەواندم، ئەوسا نەرم و هێمن، دەتخستمە سەر جێگەکەم. ئەملاو ئەو لات ماچ دەکردم. بزەی خۆشیی دەکەوتە سەر لێوت. چاوی سۆزو میهرەبانیت تێدەبڕیم. ئەوسا خۆت هەولت دەدا بخەویت.
لەبیرم نەماوە داخۆ منالێکی گرینۆك و بزێو بووم، یان خەو خۆش و بە ئارام. هەر چۆنێ بێ، هیوادارم زۆر ئازارم نەدابی، زۆر شەوت لە بەر من بەبێ خەو، نەکردبنەوە.
دایە گیان: سووپاس بۆ میهرەبانیی دایکێتیت، بۆ خۆشەویستیت، بۆ لایلایەی شەوانت، بۆ رەنج و بەتەنگەوەهاتنی رۆژانت.

بابە گیان، دەزانم بە لە دایکبوونم ئەرکی سەرشانی تۆشی زیاتر و قوورستر بوو.. بەلام ئەم ئەرکە زیادە تەنیا خوشیی و بەختەوەریی بە تۆ بەخشی. منت بە شادیی هەرە گەورەی ژیانت دانا، بە شانازیی و ئاسوودەییەوە لە ئامێزت گرتم. هەر لە یەکەم رۆژەوە، نەخشە و بەرنامەی ژیانت بۆ خاتری من گۆڕی. هەموو دەم لە بیری ئەوە دابووی، چ بەرگێکی جوانترم بۆ بکرِی، چ گەمەیەکی باشترم بۆ ببینیەوە، چ ژیان و پاشەڕۆژێکی چاك و رووناکم بۆ دابین بکەی.
لەگەل هەموو خەندەیەکی مندا، شاگەشکە دەبووی، هەموو وردە ئازارێکی من دەیڕەنجاندی و دەیترساندی. بە گاگۆلکەکردن و پێگرتن و هەنگاو هاویشتنم وا هەستت دەکرد خۆت لە نوێ منال بوویتەوەو هاوبەشی تەمەنی ساواو پر بەزم و شادیم دەکەی.

سووپاس بۆ ئێوە، دایە گیان و بابە گیان. سووپاس بۆ دڵسۆزیی و میهرەبانیتان.
سووپاسیشتان دەکەم کە لەم ئاوارەییەدا کوردایەتیی و ئەرکی کوردستانیی خۆتان فرامۆش نەکرد. منتان ناردە قوتابخانەی کوردیی تافێری زمانی زگماکی خۆم بم.

زۆر جار هاوەڵەکانم لە گرۆ و نەتەوەی جیا: لێم دەپرسن: خەڵکی کوێی؟ کورد چییە و کێیە؟ دیارە شەرمم دەکرد گەر من خۆشم زمانەکەی خۆم نەزانیبایە. ئێستا دەزانم زمانەکەم چەند رەسەن و کۆنە، چەند دەوڵەمەندە، چەند شەکراویی و ناسکە.

ئەوەتا یەکەم نامەم بە زمانەکەی خۆم بۆ ئێوەی خۆشەویستم دەنووسم. سبەینێش کە زیاتر گەورە دەبم، زیاتر فێر دەبم، پتر شارەزای زمان و فەرهەنگی گەلەکەم دەبم، بەڵێن دەدەم، زۆر هۆنراوەو بەرهەمی جوان وەرگێرمە سەر زمانی بێگانە، کولتوورو مێژوو- و وێژەی گەلەکەم بە هاورێکانم بناسێنم.

بابە گیان و دایە گیان. زۆر شتی دیکەم لە دڵدا بوون بیان درکێنم. بەڵام نامەکەم زۆر درێژ بۆوە. با ئەمجارە ئەوەندە بەس بێ. بەڵێن دەدەم نامەی دیکەشتان لە داهاتوودا بۆ بنووسم.

خوا بتان پارێزێ بۆم، باوك و دایکی شیرینم!

جگەرگۆشەتان

لەندەن - نەورۆزی ١٩٩٧

# Glossary

spring بەهار
Come وەرن
dance سەما
Let us dance با سەما کەین
newday (Kurdish new year) نەورۆز
(Lit. King day), ie, cardinal day شارۆژ
mist تەم
disappeared, stopped to exist نەما
Boys and girls کوڕینە ، کچینە
Hold hands ، دەست بگرن
singles and pairs یەک و دوو
individually بە تاک تاک
collectively, as a group بە کۆمەڵ
Let us dance, all of us هەڵپەڕین، با هەموو
in rows بە ڕیز
let us make دروست کەین
circle جوغز
ring ئەڵقە
flower گوڵ
nightingale هوزار
express دەربڕین
passion سۆز
for بۆ
happiness شادیی
freedom ئازادیی
melody ئاواز
new نۆ
sing بچڕین
love ئەوین
peace ، ئاشتیی
life ژین
just as one body وەک یەک لەش
unite یەک بگرین.

□

Transaltion

A dance song

It is spring. Come on, let us dance. Let us dance. It is the new day of Newroz, the king of days. Mist disappeared. Sorrows stopped to exist. Boys and girls, hold hands as singles and pairs. Solo or as  a group, let us all dance. Let us make by rows a circle like a flower ring. Let us express to spring and nightingale the passion of heart. Let us for happiness and freedom sing new melodies. Let us for love and life's peace, unite like one single body. It is spring. Come on, let us dance. Let us dance. It is the new day of Newroz, the king of days. Mist disappeared.  Sorrows stopped to ex-ist

Kurdish Readings

For Kurdish Chidren Abroad

# Poems, Rhymes, Stories and other writings
# Volume 1

By Dr Kamal Miarwdeli

==================

Published by kuracademia
London 2005